www.kurdistannet.org
21-11-2005 16:37 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لیدوانێک بۆ رای گشتی: دەربارەی کێشمەکێشی نێوان حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان

سالی 2000 لە ئەنجامی هاتنەکایەوەی کۆمەلیك ئیختلافات و کێشەی سیاسی لە نێوان حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، دوای چەند مانگ بەهانەگرتن و بێنەو بەرەی سیاسی، سەرئەنجام رۆژی 14ی تەموزی 2000، پاش بەرێوەچونی گفتوگۆ لە نیوان وەفدی رابەری هەردوولادا و رێککەوتن لەسەر چارەسەری سیاسیانەی کیشەکان، یەکیتی نیشتمانی هێرشێکی چەکدارانەی کردە سەر حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری. بەم جۆرە یەکیتی نیشتمانی ئیختلافاتی سیاسی کێشایە مەیدانی شەرو بەرامبەرکێی چەکدارانە لەگەل ئێمەدا.
لە ماوەی 5 سال و چەند مانگی رابردوودا بە هۆی سوربونی یەکێتی لەسەر سیاسەتی شەرخوازانە و سەرکوت و ڕاونان بەرامبەر حیزبی ئیمەو لە ژێرپێنانی ئازادی سیاسی، تا ئێستا بەرامبەرکێ و بارگرژی هەر درێژەی کێشاوە لە نێوانماندا. ئەم فەزایەش کاریگەریەکی سەلبی هەبووە لەسەر فەزای سیاسی کۆمەلگا. یەکێتی نیشتمانی بە درێژایی ئەم ماوەیە نەك هەر نیەتێکی ئیجابی و مەیلێکی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە نیشان نەداوەو بەو سیاسەتەی خۆیدا نەچوَتەوە، بەڵکو بە کردەوە دەریخستووە کە ئەم فەزاو بارگرژیە لە بەرژەوەندی خۆیدا دەبینێتەوەو وەکو بەهانەیەك بەکاری دەهێنی نەك هەر بۆ رێگری دروست کردن لەبەردەم کارو هەلسورانی ئیمە، بەلکو تەنانەت هەموو خەبات و نارەزایەتی و خۆپیشاندانیکی جەماوەریش بە بەهانەی ئەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری لە پشتەوەی راوەستاوە، سەرکوت دەکات. یەکیتی نیشتمانی بە کردەوە نیشانیداوە کە هەرچۆن رۆژی یەکەم قازانجی خۆی لە خولقاندنی ئەم شەرو کیشەیە بینیەوە، ئیستاش قازانجی خۆی لە دریژەدانی ئەم فەزایەدا دەبینیتەوەو دەیەوێ هەروا بەردەوام بیت.
ئیمە وەکو هەست بە لێپرسراویتی بۆ گونجاوکردنی فەزای سیاسی کۆمەلگای کوردستان بە قازانجی بوارکرانەوە بۆ دەخالەت و هاتنەمەیدان و قەزاوەتی سیاسی هوشیارانەی خەلك، بە تایبەتی کە بزووتنەوەی جەماوەری لە پیناو ئازادی و پیداویستیەکانی ژیان رووی لە گەشەو هەلدانە، هەروەها لەو روانگەیەوە کە ئەم فەزای کیشمەکیش و بارگرژیە بە قازانجی خەلك نازانین، لەو رووەوە کە پێمان وایە قازانجی خەلك و ئازادی لە فەراهەم کردنی فەزایەکی سالمی سیاسی و ئارامدایە کە بوار بۆ بوژانەوەی ئیرادەو دەخالەتی هوشیارانەی جەماوەر بکاتەوە، بەم لیدوانە بە رەسمی بۆ رای گشتی رایدەگەیەنین کە ئیمە لای خۆمانەوە یەك لایەنە ئەم فەزای بارگرژی و بەرامبەرکێیە تەواو دەکەین و کۆتایی پی دەهینین. ئەودوای مەسەلەکە دەکەویتە سەر یەکیتی نیشتمانی کە چۆن لەگەل ئەم دەستپیشخەریەی ئیمەدا مامەلە دەکات. ئەگەر یەکیتی نیشتمانی ریز لە ئازادی سیاسی بگریت و ریگری لەبەردەم کارو هەلسورانی ئیمە هەلگری و ئەو مومتەلەکاتەی کە لەلایەن ئەوانەوە دەستی بەسەردا گیراوە بگیریتەوە، بوار دەکاتەوە بۆ بەسەمەر گەیشتنی ئەم دەستپیشخەریە. بەلام لە هەمانکاتیشدا دریژەپیدانی ئەم فەزایە بە تەواوی دەکەویتە ئەستۆی یەکیتی.

ئەم دەستپیشخەریەی ئێمە بۆ کۆتایهێنان بەم کێشەیە، لەکاتێکدایە کە یەکێتی لەسەر سیاسەتی خۆی بەردەوامە و هیچ دانوسان و تەوافقیك لە نیوان هەردوودا رووینەداوە، هەست بە مسئولیەتیکی یەکلایەنەی ئێمەیە لە پێناو بەرژەوەندی لێکهەلپێکراوی خەڵك و ئازادی و کۆمەڵگاو ئامانجە ئینسانیەکانی خۆمان. لە بەرامبەریشدا ئەگەر یەکێتی نیشتمانی نەیەوێ ئەم دەستپێشخەریەی ئیمە لەباربەرێت، مسئولیەتی ئەوەی دەکەوێتە ئەستۆ کە پابەندی ئازادی سیاسی بێت، کۆتایی بە سیاسەتی شەرئەنگیزی و ڕێگری دروست کردن بۆ کارو هەلسوڕانمان بهێنێت و مامەلەیەکی دروست لەگەڵ ئەم سیاسەتەی ئێمەدا بکات.

ڕێبوار ئەحمەد
لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقەوە
20ی تشرینی دووەمی 2005